**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە حوکمی ماددەکانی (٣)و(٥) یەکەم خاڵی ٣، ٧، ١٢) لە یاسای نیشان و میدالیا لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١، و بڕگەی (هەژدەهەم) لە ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەمووارکراو، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای نیشان و میدالیا لە هەرێمی کوردستان - عێراق**
**ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

**بەشی یەکەم**
**پێناسەکان**

**ماددەی (١):**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە، ئەم دەستەواژانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان – عێراق

**دووەم: یاسا**: یاسای نیشان و میدالیا لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١

**سێیەم: سەرۆک**: سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**چوارەم: سەرۆکایەتیی هەرێم**: سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان - عێراق

**پێنجەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق

**شەشەم: نووسینگەی سەرۆک**: نووسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**حەوتەم: دیوان**: دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان - عێراق

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی**: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری نیشان و میدالیا لە نووسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق

## بەشی دووەم
## (جۆرەکانی نیشان و میدالیا لە هەرێم)

**ماددەی (٢):**

نیشان و میدالیا لە هەرێم بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە بریتیین لە:

**یەکەم:** نیشانی نیشتمان

**دووەم:** نیشانی ئاشتی و پێکەوەژیان

**سێیەم:** نیشانی پێشمەرگە

**چوارەم:** میدالیای بەرخودان و قارەمانێتی

**ماددەی (٣):**

ئەو نیشان و میدالیایانەی کە لەم پەیڕەوەدا هاتوون بە هاووڵاتی و بیانی دەبەخشرێن، کەسایەتی سروشتی و واتایی (مەعنەوی)ش دەگرێتەوە بەپێی گونجاوییان لەگەڵ بوار و جۆری نیشان و میدالیا.

**ماددەی (٤): نیشانی نیشتمان**

**یەکەم:** بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لەبواری مەدەنیدا خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن، یان داهێنانێکی مەزن لەبواری کارەکەیاندا دەکەن، بەجۆرێک کە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت.

**دووەم:** ڕواڵەت، نەخش و نیگار، هێما و ماددەی پێکهێنەری نیشانی نیشتمان بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- لە تێکەڵەی کانزایی مس و زینک (Brass CUZN15)ی رووپۆشکراو بە زێڕ دروست کراوە.

٢- ڕووی "نیشان"ەکە، لە خۆرێك بە تیرەی (٧)سم پێکدێت، کە ئاماژەیە بۆ ڕوناکی و سەرچاوەی ژیان. لە ناوەڕاستەکەیدا چەرخێکی خولاوە هەیە، کە ئاماژەیە بۆ ڕەوتی مێژوو بە واتای پێکەوەبەستنەوەی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو. چیا، ئاماژەیە بۆ هەرێم و مانەوەی لە دەورانی چەرخ و گەردووندا. دوو گوڵە گەنمی لای ڕاست و چەپی چیاکە، ئاماژەیە بۆ ئاسایش و بەردەوامی ژیان.

٣- لە پشتەوەی "نیشان"ەکە، بە زمانی کوردی لە سێ ڕیزدا، لێی نووسراوە: نیشانی نیشتمان، هەرێمی کوردستان - عێراق، ٢٠٢١.

**سێیەم:** قردێلە: "نیشانی نیشتمان" بە قردێلەیەک هەڵدەواسرێت کە درێژییەکەی (٤٠)سم و پانییەکەی (٣,٧)سم دەبێت. لە ڕەنگەکانی نیلی تاریک و سپی پێکدێت و بە ڕیزبەندی (٢)ملم نیلی تاریک، (٤)ملم سپی، (٢٥)ملم نیلی تاریک، (٤)ملم سپی، (٢)ملم نیلی تاریک، لە چەپەوە بۆ ڕاست دابەش دەبێت.

**ماددەی (٥): نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان**

**یەکەم:** نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان، بەو کەسانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە لەبواری گەشەپێدانی ئاشتی، مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

**دووەم**: ڕواڵەت، نەخش و نیگار، هێما و ماددەی پێکهێنەری نیشانی ئاشتی و پێکەوەژیان بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- لە تێکەڵەی کانزایی مس و زینک (Brass CUZN15 )ی رووپۆشکراو بە زێڕ دروست کراوە.

٢- ڕووی "نیشان"ەکە، بازنەیەکە بە تیرەی (٧)سم، کە ئاماژە بۆ پێکەوەبوون و تەواوکاری دەکات. خۆرێك لە ناوەڕاستی بازنەکەدایە، کە ئاماژەیە بۆ ڕووناکی و سەرچاوەی ژیان. پێنج دەست، کە ئاماژەیە بۆ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێم، بە شێوەی بازنەیی ڕیز بوون و چڵە زەیتوونێکیان، کە لە ناوەڕاستی بەشی ڕاستی بازنەکەوە درێژبووەتەوە، وەک ئاماژەی پێکەوەژیان، گرتووە. لە ناوەڕاستی بەشی چەپی بازنەکەشدا گوڵە گەنمێک هەیە، کە ئاماژەیە بۆ ئاسایش و بەردەوامی. ژمارەیەک هێڵی ڕێک و هاوئەندازەش وەک ئاماژەیەک بۆ یەکسانی لە بەشی خوارەوەی نیشانەکەدا جێگیر کراون.

٣- لە پشتەوەی "نیشان"ەکە، بە زمانی کوردی لە سێ ڕیزدا، دەنووسرێت: نیشانی ئاشتی و پێکەوەژیان، هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٢١.

**سێیەم**: قردێلە: "نیشانی ئاشتی و پێکەوەژیان" بە قردێلەیەک هەڵدەواسرێت کە درێژییەکەی (٤٠)سم و پانییەکەی (٣.٧)سم دەبێت. لە ڕەنگەکانی نیلی تاریک و سپی پێکدێت و بە ڕیزبەندی (٢)ملم نیلی تاریک، (٤)ملم سپی، (٢٥)ملم نیلی تاریک، (٤)ملم سپی، (٢)ملم نیلی تاریک، لە چەپەوە بۆ ڕاست دابەش دەبێت.

**ماددەی (٦): نیشانی پێشمەرگە**

**یەکەم**: نیشانی پێشمەرگە، بەو کەسە بیانییانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

**دووەم**: ڕواڵەت، شێوە، نەخش و نیگار، هێما و ماددەی پێکهێنەری نیشانی پێشمەرگە بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- لە تێکەڵەی کانزایی مس و زینک (Brass CUZN15 )ی رووپۆشکراو بە زێڕ دروست کراوە.

٢- ڕووی "نیشان"ەکە بازنەیەک بە تیرەی (٧)سم، ئاماژەیە بۆ تەواوکاری و بەردەوامی. دوو چڵی نیو بازنەیی گەڵای دار بەڕوو لە ڕاست و چەپ لەگەڵ بازنەکەدا درێژبوونەتەوە و لەسەر نیشانبەندەکە یەکتریان بڕیوە، ئەم دوو چڵە ئاماژەن بۆ ڕەسەنایەتی و توندوتۆڵیی وەک ناو و باوەڕی پێشمەرگە. زنجیرە چیایەک لە ناوەندی نیشانەکەدا، ئاماژەیە بۆ هەرێم. ئەم زنجیرە چیایە بە بازنەیەک دەور دراوە، کە نیوەی بەشی سەرەوەی خۆرە. لە نیوەی بەشی خوارەوەی بازنەکە هەڵۆیەک بە باڵ کراوەیی جێگیر بووە، کە ئاماژەیە بۆ بەرگری وئازادی و ئازایەتی.

٣- پشتەوەی "نیشان"ەکە، بە زمانی کوردی لە سێ ڕیزدا، دەنووسرێت: نیشانی پێشمەرگە، هەرێمی کوردستان - عێراق، ٢٠٢١.

**سێیەم: قردێلە:**

"نیشانی پێشمەرگە" بە قردێلەیەک هەڵدەواسرێت کە درێژییەکەی (٤٠)سم و پانییەکەی (٣.٧)سم دەبێت. لە ڕەنگەکانی نیلی تاریک و سپی پێکدێت و بە ڕیزبەندی (٢) ملم نیلی تاریک ، (٤) ملم سپی ، (٢٥) ملم نیلی تاریک ، (٤)ملم سپی، (٢)ملم نیلی تاریک لە چەپەوە بۆ ڕاست دابەش دەبێت.

**ماددەی (٧):**

**میدالیای بەرخودان و قارەمانێتی**

**یەکەم:** میدالیای بەرخودان و قارەمانێتی، بەو کەسانە یان میراتگرەکانیان دەبەخشرێت کە لە بوارەکانی سەربازیی و ئاسایش، یان لە میانەی پاراستن و بەرگری لە هەرێم، خزمەتێکی گەورەی بێ هاوتا پێشکەش دەکەن، کە شایستەی ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنە.

**دووەم:** ڕواڵەت، شێوە، نەخش و نیگار، هێما و ماددەی پێکهێنەری میدالیای بەرخودان و قارەمانێتی بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- لە تێکەڵەی کانزایی مس و زینک (Brass CUZN15)ی رووپۆشکراو بە زێڕ دروست کراوە.

٢- ڕووی "میدالیا"کە بازنەیەکە بە تیرەی (٥)سم، ئاماژەیە بۆ تەواوکاری و بەردەوامی. لە بەشی سەرەوەی چەپی بازنەکەدا خۆرێک هەیە، کە ئاماژەیە بۆ ڕوناکی و سەرچاوەی ژیان. هەڵۆیەک لە ناوەڕاستی بازنەکەدایە، کە ئاماژەیە بۆ بەرگری، ئازایەتی، ئازادیخوازی و دەسەڵاتدارێتی ژیر ودووربین. حەوت گوڵەگەنمیش بە شێوەی بازنەیی وەک ئاماژەیەک بۆ هێز و ئاسایش، لە نیوەی خوارەوەی بازنەکەدایە.

٣- پشتەوەی "میدالیا"کە، بە زمانی کوردی لە سێ ڕیزدا، دەنووسرێت: میدالیای بەرخودان وقارەمانێتی، هەرێمی کوردستان - عێراق، ٢٠٢١.

**سێیەم: قردێلە:**

"میدالیای بەرخۆدان و قارەمانێتی" بە قردێلەیەک هەڵدەواسرێت کە درێژییەکەی (٥)سم وپانییەکەی (٣,٧)سم دەبێت و لە ڕەنگەکانی سوور و سپی پێکدێت. بە ڕیزبەندی (٢)ملم سوور، (٤)ملم سپی، (٢٥)ملم سوور، (٤)ملم سپی، (٢)ملم سوور، لە چەپەوە بۆ ڕاست دابەش دەبێت.

**چوارەم: نیشانە:**

یەخەبەندێکە بە پانی (٣.٧)سم و بەرزی (١)سم، کە لە هەمان ڕەنگەکانی قردێلەی میدالیای بەرخۆدان و قارەمانێتی، بەهەمان پانی و ڕیزبەندیی پێک دێت.

## بەشی سێیەم
## ڕێکارەکانی بەخشینی نیشان و میدالیا

**ماددەی ( ٨ ):**

سەرۆك بۆی هەیە لە هەر کاتێکدا نیشان و میدالیا بەکەسانی شایستە ببەخشێت.

**ماددەی (٩): ڕێکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخستنی ناوی پاڵێوراوان**

**یەکەم:** لەسەر بڕیاری سەرۆک، نووسینگەی سەرۆک بەهەماهەنگی لەگەڵ دیوان، ئاگاداری ئەو لایەنانە دەکاتەوە کە لە ماددەی (١٠/ یەکەم)ی ئەم پەیڕەوەدا هاتوون، تا لە ماوەیەکی دیاریکراودا پێشنیازەکانیان، بەڕەچاوکردنی بنەما و پێوەرە هاتووەکان لە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان، بۆ دیوان ڕەوانە بکەن.

**دووەم:** سەرۆکی دیوان ڕاستەوخۆ بەراییەکانی پێشنیازکراوان بۆ نووسینگەی سەرۆک ڕەوانە دەکات.

**ماددەی (١٠): ڕێکارەکانی پێشنیارکردن**

**یەکەم:** ئەم لایەنانەی خوارەوە بۆیان هەیە پێشنیاز بۆ دیاریکردنی کەسانی شایستە بە بەخشینی نیشان و میدالیا بکەن:

١- سەرۆکایەتیی هەرێم بەڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتمەند، کە لەلایەن نووسینگەی سەرۆکەوە بۆ ئەو مەبەستە پێک دەهێنرێت.
٢- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٣- ئەنجومەنی وەزیران.
٤- سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری.

**دووەم:** پێشنیازکراوان بۆ وەرگرتنی نیشان و میدالیا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەوە، کە لە نووسینگەی سەرۆک دادەمەزرێت، بە لیستێک ناوەکانیان ڕێک دەخرێت و لەگەڵ بەراییەکانیان دەخرێتە بەردەست لیژنەی هەڵسەنگاندن.

**ماددەی (١١): ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندن**

**یەکەم:** نووسینگەی سەرۆك بە ڕاوێژ لەگەڵ دیوان و دەستەی ڕاوێژکاران لە سەرۆکایەتیی هەرێم، لیژنەیەك لە کەسانی خاوەن ئەزموون و پسپۆریی لەناوەوە و دەرەوەی میلاکی سەرۆکایەتیی هەرێم پێکدێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی پێشنیازکراوان و خستنە بەردەستی سەرۆك بەمەبەستی بەخشینی نیشان و میدالیا.

**دووەم:** نووسینگەی سەرۆک بە ڕاوێژ لەگەڵ دیوان، ڕێکاری پێویست بۆ کاروبارەکانی لیژنەی هەڵسەنگاندن دیاری دەکات.

**ماددەی (١٢): ڕێکارەکانی بەخشین:**

نیشان و میدالیا بە مەرسومێك لەلایەن سەرۆکەوە لە بۆنەیەکی تایبەتدا دەبەخشرێت.

## بەشی چوارەم
## ئیمتیازاتی نیشان و میدالیا

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** هەڵگرانی نیشان و میدالیا بەپێی ئەم پەیڕەوە، ئەم ئیمتیازاتانەیان پێدەبەخشرێت:

**١-** بانگهێشتکردنیان لە بۆنە نیشتمانییە فەرمییەکان، بەپێی جۆری نیشان و میدالیا و بواری بەخشین لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەوە.

**٢-** بەخشینێکی دارایی کە بڕەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەوە پێشنیاز دەکرێت و لە بودجەی سەرۆکایەتیی هەرێم خەرج دەکرێت.

**دووەم:** نیشان و میدالیا لە بۆنە نیشتمانییە فەرمیەکاندا بە خۆوە دەکرێن.

**سێیەم:** لە کاتی مردنی هەڵگرانی نیشان و میدالیا، میراتگرەکانیان مافی پارێزگاریی کردنیان لە نیشان و میدالیاکە هەیە، بەڵام مافی بەخۆوەکردنیان نییە.

## بەشی پێنجەم
## لێسەندنەوەی نیشان و میدالیا

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** نیشان و میدالیا، لە کاتی هاتنەدی یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە، لە هەڵگرانیان دەستێندرێتەوە:

**١-** ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر حوکمدراوە بەتاوانێکی ئابڕووبەر یان دواتر پێی حوکمدرا.

٢- ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر کارێکی دژ بە گەل، خاک یان بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم ئەنجامداوە یان دواتر ئەنجامیان بدات.

٣- ئەگەر دەرکەوت کە لەسەر بنەمایەکی ساختە یان نادروست نیشان یان میدالیاکەی بەدەست هێناوە.

٤- ئەگەر کارێکی ئەنجامدا کە لەگەڵ بنەمای وەرگرتنی ئەو نیشان و میدالیایەی کە پێی بەخشراوە پێک ناکۆک و دژ هاتەوە.

**دووەم: ڕێکارەکانی لێسەندنەوەی نیشان و میدالیا**

١- لە ئەگەری بوونی سکاڵا یان هەواڵدان بۆ بەڕێوەبەرایەتی لە هاتنەدی یەکێك لە حاڵەتەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، نووسینگەی سەرۆک لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە لە سێ ئەندام پێکدەهێنێت، بەمەرجێک لانی کەم یەکێکیان مافپەروەر بێت، ولەلایەن فەرمانبەرێك پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، سەرۆکایەتی دەکرێت.

٢- دەرئەنجام و ڕاسپاردەی لێکۆڵینەوە دەخرێتە بەردەست سەرۆك بۆ بڕیاری کۆتایی.

**سێیەم: لێکەوتەکانی کێشانەوەی نیشان و میدالیا:**

**١-** سەرۆك بە مەرسومێك نیشان و میدالیای بەخشراو لە هەڵگرەکەی دەستێنێتەوە.

٢- پاش لێسەندنەوەی میدالیا یان نیشان بەپێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە، نووسینگەی سەرۆک لایەنە پەیوەندارەکان ئاگادار دەکاتەوە بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێکارەکانی تایبەت بە:

أ-لێسەندنەوەی نیشان یان میدالیای بەخشراو.

ب-لێسەندنەوەی ئەو ئیمتیازاتانەی کە شیاوی لێسەندنەوەن.

ج- ڕاگرتنی ئیمتیازاتەکان.

## بەشی شەشەم
## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی (١٥):**

نیشان و میدالیای بەخشراو شیاوی مامەڵەپێکردن نین، بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای نیشان ومیدالیا.

**ماددەی ( ١٦):**

شێواز، نەخش، هێمای بەکارهاتوو لە دروستکردنی نیشان و میدالیا بەپێی یاسا و ئەم پەیرەوە بە موڵکی هەرێم هەژمار دەکرێن.

**ماددەی ( ١٧):**

نیشان ومیدالیای بەخشراو بەپێی حوکمەکانی یاسای نیشان و میدالیا، نیشانەی گڵدانەوەی ناخرێتە سەر

**ماددەی ( ١٨):**

هەر کەسێک کاری ساختەکردن یان لاسایی کردنەوەی هەر نیشان و میدالیایەکی هاتوو لە یاسای نیشان و میدالیا ئەنجام بدات، یان بەبێ مۆڵەتی لایەنی تایبەتمەند دروستی بکات، ئەوا بەزیندانیکردن بۆ ماوەیەك کە لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسایەکی دیکەدا هاتبێت، سزا دەدرێت.

**ماددەی (١٩):**

لەحاڵەتی ونبوون یان لەناوچوونی نیشان یان میدالیا بە هۆکارێك کە لەدەرەوەی ویستی هەڵگرانی یان میراتگرەکانی بێت، مافی بەدەستهێنانەوەیان هەیە بۆ یەک جار، پاش گرتنەبەری ڕێکارە یاساییە بەرکارەکان، لەگەڵ گرتنە ئەستۆی تێچووی نیشان یان میدالیاکە.

**ماددەی (٢٠):**

ئەو نیشان و میدالیایانەی لەم پەیڕەوەدا هاتوون وەک ئەو نموونانە دەبن کە لە پاشکۆی ئەم پەیڕەوەدا خراونەتەڕوو.

**ماددەی (٢١):**

لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی (٢٢):**

ئەم پەیڕەوە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم پەیڕەوە**

بە مەبەستی ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای نیشان و میدالیا لە هەرێمی کوردستان -عێراق ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١ و دیاریکردنی ئەرك و دەسەڵاتی لایەنە پەیوەندیدارەکان و گرتنەبەری ڕێکارە پێویستەکان بۆ پیادەکردنی تایبەتکاری بەخشینی نیشان و میدالیا لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، ئەم پەیڕەوە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**٢٠٢٢/١٠/٢٠**



**نیشانی نیشتمان**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**٢٠٢١**



**نیشانی ئاشتی و پێکەوەژیان**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**٢٠٢١**



**نیشانی پێشمەرگە**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**٢٠٢١**



ميداليای بەرخودان و قارەمانێتی

هەرێمی کوردستان - عێراق

٢٠٢١

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ١٥٤٠٣ لە ٢٠٢٢/١٠/١٩**

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٩)ی لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠، و پشتبەست بە حوکمی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کورستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی، و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧١) لە کۆبوونەوەی ژمارە (٩٢) لە ٢٠٢٢/٩/٢٠، ئەنجومەنی وەزیران ئەم پێڕەوەی خوارەوەی دەرکرد:

**پێڕەوی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**پێڕەوی پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پیشەیی**

**لە وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ماددەی (١):**

مەبەستی ئەم پێڕەوە لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم.

**سێیەم: هەڵەی پزیشکی:** ئەو ئاڵۆزکانە نەخوازراوانەیە کە لە ئەنجامی هەر کەمتەرخەمییەکی پیشەیی یان تەکنیکی یان ناشارەزایی یان پشتگوێخستن ڕوودەدات، و لەگەڵ ڕێساکانی دەستدانە پیشەی پزیشکی و چارەسەریی ناگونجێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ زیانگەیاندن یان دروستبوونی پەککەوتەیی یان مردنی نەخۆش.

**چوارەم: لیژنەی لێکۆڵینەوە:** لیژنەیەکی پیشەییە لە وەزارەت، کە لێکۆڵینەوە لەو کێشە و پرسانەی لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی و تەندروستیی دروست دەبن، ئەنجام دەدات.

**ماددەی (٢):**

هەر کەسێك زیانی بەرکەوتبێت لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی، یان میراتگرەکانی لە حاڵەتی مردنی یان ئەوەی بەپێی یاسا نوێنەرایەتی دەکات، دەتوانێت سکاڵا پێشکەش بە وەزارەت بکات بەپێی ئەو مەرج و حوکمانەی لەم پێڕەوەدا هاتوون.

**ماددەی (٣):**

وەزارەتی تەندروستی یان بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێم وەرگرتنی سکاڵای پەیوەست بە هەڵەی پزیشکی لە ئەستۆ دەگرن، و سکاڵاش بەپێی ئەم ڕێکسازییانەی خوارەوە پێشکەش دەکرێت:

**یەکەم:** پێویستە سکاڵا بە ڕێگەی نووسراو و بە یەکێك لە زمانە فەرمییەکان بێت و لەلایەن کەسی سکاڵاکار یان ئەوەی بەپێی یاسا نوێنەرایەتی دەکات واژووکرابێت، و لە دۆخێکدا ئەمە نەکرێت دەشێت بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی بێت.

**دووەم:** پێویستە بابەتی سکاڵا بە وردی دیار بکرێت و بە ووشەی ڕوون و ئاشکرا گوزارشتی لێکرابێت.

**سێیەم:** بەڵگەنامەی پەیوەست بە بابەتەکە هاوپێچی سکاڵا بکرێت ئەگەر لە تواناداپێت.

**چوارەم:** سکاڵا زانیاری کەسێتیی تایبەت بە نەخۆش یان ئەوەی بەپێی یاسا دەبێتە میراتگری لە حاڵەتی مردنی، و هەر زانیارییەکی دیکە کە ببێتە مایەی ئاسان پەیوەندی پێوەکردنی، لەخۆ بگرێت.

**پێنجەم:** سکاڵاکار دەتوانێت لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە بەر لە دەرچوونی ڕاسپاردەکانی لیژنە سکاڵای خۆی بکێشێتەوە، هەروەها دەتوانێت بەر لە دەرچوونی ڕاسپاردەکانی لیژنە هەر بەڵگەنامەیەکی دیکەی سەربار پێشکەش بکات.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکدێت لە پزیشکێکی ڕاوێژکار یان زانکۆیی هەڵگری نازناوێکی زانستی کەمتر نەبێت لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) لەوانەی خاوەن ئەزموون و کارامەیین و ماوەی ڕاژەکەی لە یەکێك لەو پسپۆڕییانەی وەزیر دیاری دەکات لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت - وەك سەرۆکی لیژنە، و ئەندامێتی هەر یەك لە:

أ- پزیشکێك کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە پزیشکی لەوانەی خاوەن ئەزموون و کارامەیین، و ڕاژەکەی لە یەکێك لەو پسپۆڕییانەی وەزیر دیاری دەکات لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

ب- فەرمانبەرێکی یاسایی کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا لەوانەی خاوەن ئەزموون و کارامەیین، و ڕاژەکەی لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

**دووەم:** پێویستە لیژنەی لێکۆڵینەوە بانگهێشتی نوێنەرێکی داواکاری گشتی بکات بۆ ئامادەبوون لە کاتی لێکۆڵینەوە.

**سێیەم:** وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە ئەگەر پێویست بکات بەو شێوەی لەگەڵ بابەتی سکاڵا دەگونجێت، دەتوانێت چەند ئەندامێك لەوانەی پزیشك نین لە لیژنەی لێکۆڵینەوەی پێکهێنراو بەپێی ئەم پێڕەوە دەستنیشان بکات، وەك نوێنەری یەکێك لە سەندیکا تایبەتەکانی پیادەکردنی پیشەی پزیشکی یان تەندروستی، لەوانەی خاوەن ئەزموون و کارامەیین بەو مەرجەی ڕاژەکەی لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی (٥):** پێویستە لەسەر لیژنەی لێکۆڵینەوە پابەندی ئەمانەی خوارەوە بێت:

**یەکەم:** تێڕوانین لەو سکاڵایانەی لەلایەن وەزارەتەوە یان بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستییەوە بۆی ڕەوانە کراوە.

**دووەم:** تێڕوانین لەو سکاڵایانەی پەیوەستن بە کارە پزیشکییەکان یان ئەو ڕەفتارانەی تەنها لە بەرپرسێتی پزیشکی دروست دەبن، ئەمەش ئەو ئاڵۆزکانە و نیشانەی لاوەکییانەی پێشبینیکراو و ناسراون ناگرێتەوە.

**سێیەم:** ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی، بەپێی پێوەری پەیڕەوکراو لە یاسای بەرزەفتەیی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی عێراقی بەرکار لە هەرێم یان ئەوەی جێگەی دەگرێتەوە.

**چوارەم:** تێڕوانین لەو سکاڵایەی بۆی ڕەوانەکراوە بەو پەڕی بێلایەنی و شەفافیەتەوە.

**پێنجەم:** تێڕوانین لە سکاڵا لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی و تۆمارکردنی سکاڵاکە لەلای وەزارەت یان لایەنی بەستراوە پێیەوە.

**شەشەم:** دیارکردنی وادەی دانیشتنەکان و میکانیزمەکانی بەپێی پێوەرە پەیڕەوکراوەکانی بنەماکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی.

**حەوتەم:** گوێگرتن لە سکاڵاکار یان میراتگرەکانی لە حاڵەتی مردنی یان ئەوەی بەپێی یاسا نوێنەرایەتی دەکات و نووسینەوەی ووتەکانیان لە کۆنووسێك.

**هەشتەم:** بانگهێشتکردنی ئەو پزیشکەی یان ئەو پیادەکاری پیشەیەی سکاڵای لەسەر کراوە و نووسینەوەی ووتەکانی و ڕوونکردنەوەی بابەتی سکاڵاکە بۆی.

**نۆیەم:** پارێزگاریکردن لەسەر نهێنی لێکۆڵینەوە و نەدرکاندنی زانیارییەکان، یان پێشکەشنەکردنی بەڵگەنامەی پەیوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یان هەر لایەنێکی فەرمی یان نافەرمی.

**دەیەم:** ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی کۆتایی کە ئەو ڕاسپاردە و پێشنیار و ئەنجامانەی لیژنە پێیگەیشتووە دەربارەی ڕوودانی هەڵەیەکی پزیشکی یان تەندروستی یان ڕوونەدانی لەخۆ بگرێت، لەگەڵ دیارکردنی لایەنەکانی کەمتەرخەمی و پلەی پەککەوتەیی و ئاستی زیانلێکەوتن، هەروەها تۆمارکردنی و نووسینەوەی لە تۆمارنامەیەکی تایبەت لەلای بەشە یاساییەکان لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی.

**یازدەم:** پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی بۆ وەزیر بۆ تێڕوانینیان و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و کارگێڕیی دەرهەق بە دامەزراوەی تەندروستی یان هێزی کاری تەندروستی لە ماوەیەك لە (٧) حەوت ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

**دوازدەم:** ڕەوانەکردنی پزیشك بۆ دادگا تایبەتمەندەکان، ئەگەر بۆی دەرکەوت کردەوەکەی بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم تاوانە.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر هەر ئەندامێك لە ئەندامانی لیژنە دەستهەڵبگرێت (تنحي) و بەشداری نەکات لە لیژنە بەر لە دەستکردن بە لێکۆڵینەوە لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ- ئەگەر پەیوەندیی خزمایەتی هەبێت تا پلەی چوار لەگەڵ یەکێك لە لایەنەکانی سکاڵا.

ب- ئەگەر پێشتر نەخۆشەکەی چارەسەرکردبێت لە هەمان نەخۆشی سکاڵا لەسەرکراو.

ج- ئەگەر پێشتر کەسی سکاڵاکار ڕاوێژی پێکردبێت دەربارەی دۆخی ئەو نەخۆشییەی بابەتی سکاڵایە.
د- ئەگەر هەر پەیوەندییەکی دیکە هەبێت ببێتە هاودژی لە بەرژەوەندیی لایەنەکان یان ببێتە مایەی گومانبردن لە بنەمای بێلایەنی.

**دووەم:** حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە پیادە دەکرێت بەسەر هەر کەسێك لیژنە پشتی پێببەستێت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی یان ڕاوێژپێکردنی.

**ماددەی (٧):**

لیژنەی لێکۆڵینەوە لەپێناو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی دەتوانێت ئەمانەی خوارەوە بگرێتەبەر:

**یەکەم:** بەدەستهێنانی گشت داتای تایبەت بە سکاڵاکار لە نێوانیشیاندا پشکنین و تێستەکان و داودەرمان و چارەسەری ڕاسپاردەکراو لەلایەن پزیشکی چارەسەکار و فایلی نەخۆش لە حاڵەتی خەواندنی لە دامەزراوەی تەندروستی و تۆمارەکانی هاتنەناوەوە و دەرچوون لە دامەزراوەی تەندروستی.

**دووەم:** سەردانی مەیدانی دامەزراوەی تەندروستی بابەتی سکاڵا، یان ئەگەر سکاڵالێکراو لەم دامەزراوەیەدا کار بکات.

**سێیەم:** بانگهێشتکردنی ئەوەی لیژنە بە پێویستی دەزانێت ووتەکان و گەواهیدانی بنووسرێتەوە.

**چوارەم:** ڕاوێژکردن بە شارەزایان یان داواکردنی پێکهێنانی لیژنەی پزیشکیی زانستی، ئەویش بۆ مەبەستی ئاشنابوون.

**ماددەی (٨):**

ئەگەر لیژنەی لێکۆڵینەوە بە باشی زانی لیژنەی لاوەکی پێکبهێنێت، ئەوا پێویستە لەسەر ئەو لیژنە لاوەکییانە بەو ئەرکانە هەڵبستن کە پێی ڕادەسپێردرێن و ئەو ئەنجامانەی پێی دەگەن بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەی بەرز بکەنەوە.

**ماددەی (٩):**

ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دوای پەسەندکردنی وەزیر دەبنە کۆتایی.

**ماددەی (١٠):**

ئەم پێڕەوە ئەو ماف و ئەرکانەی هێزەکانی کاری تەندروستی پێشێل ناکات کە بەپێی یاسا و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێم هەیانە.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** ئەم پێڕەوە ڕێگر نییە لە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بەپێی یاسای بەرزەفتەیی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی بەرکار لە هەرێم یان ئەوەی جێگەی دەگرێتەوە.

**دووەم:** ئەم پێڕەوە ڕێگر نییە لە گرتنەبەری ڕێکاری هاتوو لە یاسای بەرزەفتەیی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو دەرهەق بەوانەی سەرپێچی حوکمەکانی دەکەن.

**سێیەم:** ئەم پێڕەوە ڕێگر نییە لە گرتنەبەری ڕێکاری هاتوو لە یاسا سزایی و شارستانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش هەردوو یاسای (سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەمووارکراو ، و بنەماکانی دادگایی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ هەمووارکراو) دەرهەق بەوانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**چوارەم:** هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی دەتوانێت تانە بدات لە بڕیاری وەزیر پاڵپشت بە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ی بەرکار یان ئەوەی جێگەی دەگرێتەوە.

**ماددەی (١٢):**

حوکمەکانی ئەم پێڕەوە پیادە دەکرێت بەسەر:

**یەکەم:** گشت دامەزراوە تەندروستییە گشتی و تایبەتەکان و بنکە پزیشکییە پسپۆڕەکان و نۆرینگە تایبەتەکان.

**دووەم:** گشت کارمەندە پزیشکی و تەندروستییە تۆمارکراوەکان لە سەندیکای پیشەیی پسپۆڕ لە هەرێم.

**سێیەم:** گشت کارمەندە پزیشکی و تەندروستییە بیانییەکان ئەوانەی نیشتەجێبوون و مۆڵەتی کارکردنیان هەیە لە هەرێم و لە سەندیکای پسپۆڕ تۆمارکراون، یان بە شێوازی سەردان پیادەی پیشەکانیان دەکەن لە هەرێم لە دوای وەرگرتنی مۆڵەت و ڕەزامەندیی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** کار بە هیچ پێڕەوێك یان ڕێنماییەکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم پێڕەوەدا ناکرێت.

**دووەم:** ئەم پێڕەوە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**